نەفرەتی اللە لە جولەکە وگاورەکان، گۆڕەکانی پێغەمبەرانیان دەکرد بە مزگەوت

لە عائیشەوە (دایکی ئیمانداران) -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- لە کاتی ئەو نەخۆشیەی کە چاك نەبوویەوە لێی؛ فەرمووی: «نەفرەتی اللە لە جولەکە وگاورەکان، گۆڕەکانی پێغەمبەرانیان دەکرد بە مزگەوت»، دەڵێت: ئەگەر ئەم -هەڕەشەیە- نەبوایە گۆڕەکەی دیار دەخرا، بەڵام ترس هەبوو لەوەی گۆڕەکەی بکرێت بە مزگەوت.

[سەحیح - ڕاست)] [(البخاري ومسلم) هاوڕان لەسەری)]

دایکی ئیمانداران عائیشە -ڕەزای خوای لێبێت- دەیگێڕێتەوە: پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- لەو نەخۆشیەی کە سەخت بوو لەسەری وتێیدا وەفاتی کرد؛ فەرمووی: نەفرەتی اللە لە جولەکە وگاورەکان، ودووریانی خستووەتەوە لە ڕەحمەتی خۆی؛ چونکە ئەوان گۆڕەکانی پێغەمبەرەکانیان کرد بە مزگەوت، ئەمیش بە دروستکردنی بینا لەسەریان یان نوێژکردن لە نێویان یان بەرامبەریان. پاشان عائیشە -ڕەزای خوای لێبێت- ووتی: ئەگەر ئەو نەهی کردن وهۆشداریدانە لەلایەن پێغەمبەرەوە -صلى الله عليه وسلم- نەبوایە، وترسی هاوەڵان لەوەی دەرهەق بە گۆڕی پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ئەوە بکرێت کە جولەکە وگاورەکان کردیان دەرهەق بە گۆڕەکانی پێغەمبەرەکانیان؛ ئەوا گۆڕەکەی دیار دەخرا وبەرز دەکرایەوە.

http://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/5379